عێراق ڕێککەوتننامەی دروستکردنی وێستگەی کارەبا بە توانای 48 هەزار مەگاوات واژۆ دەکات

ئەمڕۆ شەممە زیاد عەلی فازڵ وەزیری کارەبا واژۆکردنی ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ دروستکردنی وێستگەی کارەبا بە توانای 48 هەزار مەگاوات پشتڕاستکردەوە.

لە بەیاننامەیەکدا کە وەزارەتەکە بڵاویکردەتەوە و دە ئاژانسی هەواڵی موتەڵع کەوتووە و ئاماژەی بەوە کردووە : کە فازڵ ئامادەی لە یازدەهەمین پێشانگە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی وزەی عێراق لە گۆڕەپانی پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا کردووە، بە ئامادەبوونی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە سەرپەرشتی زیاد عەلی فازڵ وەزیری کارەباپێشانگاکە لە 10 تا 12ی ژانویەی 2026 بەردەوام دەبێت.

لەبەیاننامەکەدا وەزیر ووتی : حکومەت لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا کەرتی وزەی لە پێشەنگی ئەولەویەتەکانیدا داناوە، وەزارەتی کارەباش کاری کردووە بۆ جێبەجێکردنی دیدگایەکی هەمەلایەنە کە بریتییە لە نۆژەنکردنەوەی وێستگەکانی کارەبا و دەستپێکردنی پڕۆژەی بەرهەمهێنانی نوێ و وەبەرهێنان کە ئێستا لە ئارادایە بۆ توانای نزیکەی 15 هەزار مەگاوات، جگە لە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ دروستکردنی کارەبای نوێ کارگەکان بە توانای 48 هەزار مەگاوات کە پشت بە سووتەمەنی ناوخۆیی دەبەستن. ڕوونیشیکردەوە،وەزارەت پڕۆژە وەستاوەکانی وێستگەی کارەبای

بازنەی یەکگرتووی تەواوکردووە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە زیادکردنی کارایی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانی کارەبای زیادە لە هەمان سووتەمەنی بەبێ زیادکردنی بەکاربردن، ئەمەش جگە لە پەرەپێدانی تۆڕەکانی گواستنەوە و جێبەجێکردنی پەیوەندیی کارەبا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەروەها وێستگەکانی وزەی خۆر کە ئێستا لە چەند پارێزگایەکی عێراق لە قۆناغی دروستکردندان.

پێشانگاکە سەکۆیەکی پێشکەوتوو بە گەڕان بەدوای دەرفەتەکانی هاوکاری و هاوبەشی ستراتیژی لە نێوان دامەزراوە حکومییەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دابین دەکات. هەروەها نوێترین تەکنەلۆژیا و چارەسەرە پێشکەوتووەکان لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی وزە و گواستنەوە و دابەشکردندا نمایش دەکات، بەمەش پشتگیری لە پلانەکانی حکومەت دەکات بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی کەرتی وزە و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە.